عبدالستار طاهر شريف

# ( پەروەردەو منـــداڵ )
# « التربية والطفل »

# پێشــــەکی

نووسین دەربارەی منداڵ بە زمانی کوردی تا ئێســتا زۆر کەمە ، ئەوانەی کە هەیشە زۆر ســـادەن‌و دووریش نیــە هەندێ لە نووسەرەکانیان تەواو لە زانستی دەرون‌و پەروەردە بێ خەبەر بن ٠٠ پەروەردە بەو مانایەی کە کردارێکی ئاراستەکراوی بــە مەبەست بێ بۆ نش‌و نماکردنی مرۆڤ ، بەم مانەیە ، پێویستە پەروەردەی منداڵەکانمان بکەین ٠ لێرەدا پێویستیمان بەزانستی دەرون هەیە ، پێویستیمان بەوە هەیە بزانین چۆن منـــداڵ فێر ئەکرێ ، چۆن پەروەردە ئەکرێ ، ئەبێ ئاگاداری هەمو ئـــەو لایەنانە بین کە کار ئەکەنە سەر منداڵ ، ئاگاداری ئەوە بین کە چۆن رۆشنبیری کار ئەکاتە ســـەر نش‌و نماکردنی منـــداڵ‌و دروستکردنی کەسایەتی منداڵ ٠

کەواتە پەیوەندی نێوان پەروەردەو زانستەکانی مرۆڤ پەیوەندییێکی بەهێزو قووڵە بەڵکو پەروەردە لــە بنەرەتدا لەسەر ئەو زانستانە بنیات نراوە ٠

لێرەدا زمان یەکێکە لە کەرستە سەرەکیەکانی رۆشنبیری‌و بوونی زمانیش پێویستە بۆ مرۆڤ‌و دروستبوونی مرۆڤایەتی ، بەڵکو بەبێ دروستبوونی زمان مرۆڤ نابێ ٠ هەر بۆیە ئەبینین مرۆڤ بە ( رمز ) تەعبیر لە ماناکانی ژیـــانی ئەکاو خەریکی خوێندنەوەو نووسین ئەبێ بۆ خۆی‌و هەمو ئادەمیزادێك ٠ مرۆڤ کە سروشتی کۆمەڵایەتی هەیە لە کۆمەڵدا ئەژێ ئەمـــــە شتێکی

سروشتی‌یەو خۆی هیچ دەستێکی لـــەم جۆرە ژیانەدا نیـە ٠ بۆ بەردەوام بوونی ئەم جۆرە ژیانە زمانێك پێویستە ببێتە کەرستەی ژیانەکەو دامەزراندنی ژیانی کۆمەلایەتی ، هەمو کۆمەلێك هەوڵ ئەدا ساواکانی ئامادە بکات بۆ ژیان ، ئەو جـــۆرە ژیانەی کە کۆمەلگاکەیان ئەیانەوێ ٠

لێرەدا کە باسی زمان ئەکەین بۆ ئەوەی خوێنەری بەرێــز لـە مەبەستەکەمان تێ‌بگا ، کـــەوا رای ئێمـە ئەوەیە خەریکی خاوێنکردنەوەی زمانەکەمان بین کە زمانی کوردی‌یە ، بە زمانێکی کوردی خاوێن بۆ منداڵەکانمان بنووسین ، منداڵەکانمان فێری کوردێیکی پەتی بکەین ، هەروەها بەو زمانە خاوێنـــە خەریکی پەروەردەکردنیان بین لەگەڵ چاوەدێری هەمو ئـــەو قۆناغانەی منداڵ پێ‌یدا تێ‌پەر ئەبێ ٠

ئەم کتێبە ئەگەر بشێ ناوی بنێین کتێب خوێ لە خوێـدا ووتارێك بوو لـە هۆلی کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لە بەغدا لـە یەکێ لـــە کۆڕەکانی لێژنە رۆشنبیری کورد لـــە کانونی یەکەمی ١٩٧٩ پێشکەشمان کرد ، هەروەها لە بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سولیمانی لە ٣٠ـ١ـ١٩٨٠ ، دووبارە لـە دیداری ئەدەبی منداڵان پێشکەشمان کردەوە ٠

ئومێدەوارم نووسەرانی کـــوردو مامۆستایانو بـــاوكو دایکەکانو هەمو ئەو کەسانەی پەیوەندیان بە پەروەردە کردنی منداڵەوە هەیە سوودی لێ وەربگرن ٠

عەبدولسەتار

# پەروەردەو منـــدالْ

## ساڵی منداڵی جیهان :

لە سەرانسەری جیهاندا بەتایبەتی لە وولاتە پێشکەوتوەکاندا لە ســـــاڵی ١٩٧٩ زوربەی رێکخراوە جـــــەماوەری‌یەکانو پەروەردەی‌یەکانو رۆشنبیری‌یەکان لەگەڵ نووسەرانو هەموو ئەو گرووپانەی پەیوەندیان بە منداڵەوە هەیە جگە لە دەستگاو کەرەستە میری‌یەکـــان خـــەریکی ئاهەنگ گێـــڕانو کـــۆڕ بەستنو پێشکەش‌کردنی باسو تۆژینەوەی نوێو تازە بابەت بوون لەسەر منداڵان • گومان لەوەشدا نیە منداڵانی وولاتە سەرمایەداری‌یەکان بەتایبەتی منداڵانی چینی بۆرجواو سەرمایەدارەکان زیاتر لـــــە منداڵانی رەشو رووتو چینی زەحمەتکێشەکان لـــــە وولاتـــە سەرمایەدارەکان ، بە چاوەدێریو پەروەردەو بە خۆشی ژیـــان لەسەر زەمین لە سەدەی بیستەمدا شادبوون • هەروەها منداڵانی وولاتە سۆشیالیستەکان بەگشتی بێ فەرقو جیاوازی وەك یـــەك ئەژینو پێکەوە لەسەر زەمینەی وولاتەکانیاندا شادمانن بـــەڵام نابێ ئەومان لەبیربچێ یان بێ ئاگابیین لەمنداڵە چەوساوەکانی وولاتە دواکەوتوەکان یان ئـــەو وولاتانەی تا ئێستا لە ژێر چنگی ئیمپریالیزم رزگاریان نەبووە • نابێ منداڵانی فەلەستین لـــــە تەل الزعتر و خواروی لوبنانمان لە بیربچی کە نەك لە ساڵی منداڵانی جیهانی بێ بەشن ، بەڵکو لە تەنیا یەك رۆژ خۆشیش لەسەر ئەم زەمینە پانو پۆرەدا بێ‌بەشن ئنجا نازانم ئەبێ ئێمەی

کورد چی‌ی بلێین دەربارەی منداڵی کورد لـــە پاوەو سەقزو مەهابادو سنەو مەریوانو سەردەشتو هەموو شـــارو لادێکانی کوردستانی ئیران ؟ ئایا لـــەژێر هێرشی دڕندانەی ڕژێمی بۆگەنی ڕەگەز پەرستو مەزهەب پەرستـــی خومەینی ، ئەبێ منداڵە ساواکانی کورد چۆن بژێنو گەلانی جیهانیش ئەبێ لـە کوێ چ کاێکدا نووسنبێتن !!

هەرچەندە مەبەستم لە ووشەی گەلانی جیهان بە هیچ جۆرێك ئەو گەلانە نیە کـــە درێغیان نەکردوە لـە یارمەتی دانی گەلی ئێران لە شۆرشە پیرۆزەکەی دژی خومەینی لە پێناوی دروستکردنی دوارۆژێکی بەختەوەر بۆ منداڵانی کوردستان •

بۆ ئەوەی لەمە زیاتر نەچینە بنجو بنەوانی چۆنێتی ژیانی منداڵانی گەلە چەوساوکانو ژێر دەستەکـانی ئیمپریالیزم کـــە بێگومان مەسەلەکە خوێ بەتەنیا چەند باسێکی ئەوێ ، بۆیـــە ئەگەرێمەوە سەر ناوەرۆکی باسەکەمان دەربارەی پەروەردەکردنی منداڵو ئەو قوناغانەی پێیدا تێپەر دەبێ •

نەك ساڵی ١٩٧٩ ساڵی منداڵانی جیهانە وەك ناوی لێنراوە بەڵکو ئەتوانین بلێین سەدەی بیستەمیش سەدەی منداڵانە •

لەبەر ئەوەی لەم سەدەیەدا بایەخێکی تەواوو فراوان دراوە بە منداڵ ، بەتایبەتی کە منـــداڵ بۆتـــە بنەرەتی دراساتو تۆژینەوەی کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو دەروونی • هەروەهـــا ئەتوانین بلێین لەم سەدەیەدا باخچەی منداڵانو ماڵەکانی کۆشکری

( حضانه )و خوێندنی تەوزیمی لـــــە قوتابخانەی ســەرەتاییو خوێندنی خۆڕایی ، ئەمانە هەموو لە تەمەنی منداڵیو بۆ منداڵ پێشکەوتنی وولاتانی پێ پێوانە ئەکرێ ۰ تەنانەت منداڵ ئێستا بۆتە یەکێ لەو پێوانەی کە سەرمایەی وولاتانی پێ پێوانە ئەکرێ شان بەشانی سامانەکانی تری وولاتەکە ۰

## ناوەندی تەمەن :

لە وولاتە پێشکەوتووەکان لەبەر بایەخدانیان بـــــــــە پەروەردەکردنی منداڵو کەمکردنەوەی مردن لـــــە ریزی منداڵان هەروەها لە وولاتە سۆشیالیستەکان ئەبینین ناوەلدی تەمەن(متوسط العمر) ۰ لە دایکبوونەوە لە ساڵەکانی ۱۹۷۰ـ۱۹۷۵ لە وولاتە سۆشیالیستەکان گەیشتۆتە نێوان ( ۷۰ـ۷۳ ) ساڵ ۰۰ ناوەندی تەمەن لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی گەیشتۆتە (٦ر۷۲) ساڵو لە لەبولگاریا (۸ر۷۱) ساڵو لە یەکێتی سۆڤیێت (٤ر۷۰) ساڵ ۰ بەڵام لە وولاتـــــە سەرمایەدارەکان ـ ئەوانەی پێشکەوتوون ـ ناوەندی تەمەن تیایاندا لە نێوان (۷۰ـ۷۳) ساڵە وەك وولاتە سۆشیالیستەکان یان چەند مانگێک زیاترە ، لە یابـان ناوەندی تەمەن گەیشتۆتە (۷ر۷۳) ساڵو لە دانیمارك (۹ر۷۳) ساڵ بەڵام لە ئەمریکا گەیشتۆتە (۳ر۷۱) ساڵ ۰ ئەگەر بێو بگوازینەوە وولاتانی جیهانی سێیەم یان وولاتە دوواکەوتوەکان لە باشترین حاڵەتدا ناوەندی تەمەنەکان لە (٦۰) ساڵ تێپەرناکاتو ناوەندی تەمەن لە وولاتە عەربیەکان بەم دووایيە سەرکەوتوەو لە عێراق

گەیشتۆتە (٧ر٥٢) ساڵو لە ئەردەن (٢ر٥٣) ساڵو لیبیا (٩ر٥٢) ساڵ بەڵام لە مالیو ئەنگۆلاو تشادو ئەسیوبیاو مۆریتانیاو نایجەر (٣٨) ساڵە[1] • ئەم ژمارانەو رادانە بایەخدانی ئەم وولاتانـە پێشانئەدا بە منداڵانیان ، چونکی کەمی مردنی منداڵان لە هـەر وولاتێك ئەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رادەی ناوەندی تەمەن •

بایەخ پێدانی جیهانی پێشکەتوو بـــە منـــــداڵ ئەنجامی تێگەیشتنی مرۆڤایەتیە مەترسی قۆناغی منداڵی کارتێکردنی ئـەم قۆناغـــە لـــە دوارۆژی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی باش بێ یـان خـەراپ •

## باخچەی منداڵان :

لە عێراقدا لەم ساڵانـــــەی دوایی دوای شۆرشی ١٧ـ٣٠ تەمموزی ١٩٦٨ کاربەدەســـــتانی شـــــۆرش بەتایبـەتی ( بەرێوەبەرێتیی گشتی پلاندانانی پەروەردە ) بایـــــەخێکی تەواویان داوە بە منداڵ لـــە هەموو پاریزگاو قەزاو ناحیەکاتی وولات ، لە رێگای زیادکردنی باخچەی منداڵان بـــــۆ بەڵگە بریاردراوە رادەی ئەو منداڵانەی پێویستە بچنـــە باخچـــەی منداڵانەوە زیاد بکرێ هەر (١٠٠٠) هەزار منداڵو لە تەمـەنی (٤ـ٥) ساڵان لە ساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٧٦ (٦٥) منداڵیان ئەخرانە باخچەی منداڵانەوە ئەم ژمارەیە لە ساڵانی ١٩٧٩ـ١٩٨٠ ئەبێ بگاتە (١٥٠) منداڵ لە (١٠٠٠) منداڵ ، لەگـــەڵ دروستکردنی (١٢٤٧) باخچەی منداڵان لەمانە (١١٠٩) باخچە ، باخچە کۆنەکان

گەورەتر بکرێنەوە ، (١٣٨) باخچەی تریشی لەجیاتی ئـــەو خانووانەی بەکرێ گیراوون • لەگەڵ بایەخ دان بە ( خانووی گۆشگری ) و قوتابخانەکانی منداڵە نوقسانەکان بـــۆ ئەوەی نەکەونە ژێر چنگی سروشتەوە • بەڵام وەکو ئەبینین ئەم ژمارەیە زۆر کەمەو لەگەڵ گرنگی بایەخدان بە منداڵ ناگونجێ •

## ڕۆژنامەو گۆڤاری منداڵ :

هەروەها بایەخ دراوە بە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن پێشخستنی ڕۆژنامەی منداڵو دەرکردنی ڕۆژنامـــەو گۆڤاری جۆراوجۆر بۆیان • بۆ نموونە لە پلانی ساڵی ١٩٨٠ بڕیار دراوە (١٥٠) هەزار نوسخەی « مجلتی » حەفتەیی دەربچێت بۆ ئەو منداڵانەی تەمانیان لـــە نێوان ٦ ـ ٩ ساڵانەو بە (٢٠) لاپەرە لـــە هەر ژمارەیێکدا ، هەروەها (١٠٠) هەزار نوسخەی « المزمـــار »ی حەفتەیی دەربچێت بۆ منداڵان لە تەمەنی ( ٩ـ١٢ ) ساڵانو بـــە چوار ڕەنگیش •• لەگەڵ پاشکۆی « الاصدقاء » برادەران کـــە لەگەڵ « المزمار » دەرئەچێتو نامەو بەرهەمەکانی منـــداڵان بڵاوئەکاتەوە بە (١٦) لاپەرەی ڕەنگاو ڕەنگ •• لە لایەکی ترەوە دەزگای ڕۆشنبیری منداڵان زنجیرەی کتێبخانەی منداڵ ســـاڵی (١٠٠) کتێب بڵاوئەکاتەوە ، کۆی کتێبەکانیش (٥٠) هـــەزار نوسخەیە • هەروەها (١٠) کتێبیش بۆ ئەوانەی بایەخ بـــە پەروەردەی منداڵان ئەدەن وەك سەرچاوە •

ئەم بایەخ دانانە هەمووی بەگشتی بۆ سەرانسەری وڵاتەو

منداڵی کوردیش ئەگرێتەوە ، بەڵام منداڵی کورد پێویستی بە بەشداریکردن هەیە لەگەڵ منداڵی عەرەب لە عێراقدا لەو بوارانەی لێی بێ بەش بووە وەك دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامەی تایبەت بە زمانی کوردیەو پێشخستنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن‌و ئێستگەی کوردی ـ بەتایبەتی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ـ بۆ منداڵان ٠

## دەوری نووسەرانی کورد :

دەربارەی دەوری نووسەران‌و رۆشنبیرانی کورد لە بواری پەروەردە کردنی منداڵ ماوەییەکە چەند نووسەرێکی کوردی دلسوز خامەکانیان تەرخان کردووە بۆ نووسینی چیرۆك‌و شیعر بۆ منداڵان یان بەستنی کۆڕ لەم شوین‌و لەو شوێن بۆ دوان لەسەر ئەدەبی منداڵان ٠٠ هەولیشم داوە لەچەند کۆڕێکیان بەشداربم وەك گوێگر بۆ ئەوەی بزانم رۆشنبیران‌و نووسەرانی گەلی کوردمان لەم رووەوە چی‌یان بەچی کردوە زیاتریش کە ساڵی ١٩٧٩ ساڵی منداڵانی جیهانە بە پێویستم‌زانی بێ بەش نەبم لە خزمەتگوزاری منداڵانی جیهان بەگشتی‌و منداڵانی کوردیش بەتایبەتی ، بۆیە خۆم خەریك‌کرد بە خوێندنەوەی ئەو دراسات‌و توژینەوانەی لەسەر منداڵ‌و لەلایەن پسپورە بێگانەکان‌و برا عەرەبەکانەوە کراوە٠جێگای داخیشە دانە یەك دراسەتمانیش نیە لەسەر منداڵ بەزمانی کوردی یان لەسەر منداڵی کورد بەهەر زمانێکی تریش ٠ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنی کەوا نووسەران‌و

شاعیرانی کورد بەیەکجاری خۆیان خەریکی ئەم کارە نەکردبێ ، ئەگەر چیی خۆساندوو کردنەکانیش لەسەر بنەڕەتی تۆژینەوەو دراسەت نیە بەڵام ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات کەوا کـــورد دێرزەمانە بایەخی بە پەروەردەکردنی منداڵ داوە • بـۆ بەڵگە فەیلەسوفو شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی زیاتر لـــە سێسەد ساڵ لەمەوپێش کتێبی ( نۆباری بچووکان )ی بۆ منداڵان نووسیوەتەوە هەروەك خۆی دەڵێ : ( لە پێناوی چاوی منداڵانی کوردستان ئەم کتێبەم دانا نەك بۆ زاناکانو ئەدیبەکان ، لـــەم کتێبەدا خانی دەڵێ :

ژپاش حەمدو صەلەواتان
ئەڤ چەند کەلیمەنە ژلوغاتان
ڤێك ئێخستن ئەحمەدی خانی
ناڤێ نۆبارا بچووکان لێ دانی
نەژ بۆ صاحب رەواجان
بەڵکە ژبۆ بچوکێت کرمانجان •

هەروەها خانی بایەخی تەواوی دابوو بـــە جـــۆری پەروەردەکردنی منداڵانو فێرکردنی رەوشتو ئەخلاقی جـوانو گونجاو لەگەڵ کۆمەڵدا ، وا دیاریشە زۆر شارەزاو پسپۆربووە لە جۆری پەروەردەکردنی منداڵ ، خانی دەڵێ :

گەرتە دڤێتن ببی مێرو سەرو موعتەبەر
کنبو فلانێ مەیێژە گەرتە بکن کەر بکەر •

هەرروەهـا خـانی لـــە شیعرەکانیدا بە جوانی جـۆرو چۆنێتی پەروەردەکردنی منداڵی خستۆتە قالبی شیعرەوە ، دوای

کۆچ کردنی خۆیشی دانیشتوانی کوردستان دەماو دەم شیعرەکانیان لەبەر کردوەو لە سنگیاندا پاراستوویانە بۆ ئەوەی نەفەوتێو کاری پێبکەن ، تا بەم دووایییە لە تورکیا چەند جـــار دیوانی ( نۆباری بچووکان ) لە چاپدراوە وەك دکتور عزالدین مصطفی رەسول لـــە کتیبەکەی ( ئەحمەدی خانی ) لـە پەراوێزی لاپەرە (٣٩)دا باسی کردوە ٠

## تۆژینەوە لەسەر منداڵ :

لەم چەرخەدا چەرخی دراســـاتو تۆژینەوەی کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو دەروونی ، ئەم سێ مەیدانە گرنگێکی زۆر بـــە قۆناغی منداڵی ئەبەخشێ لەبەر ئەوەی لە قۆناغی منـــداڵی : ( وێژدانو رەوشتو ڕووەکانی دەروونی دروست ئەبێو تـــاك خۆی لەگەڵ مەڵبەند (بیئة) ئەگونجێنێ ٠٠ گونجانێکی قووڵ ٠٠ بەجۆرێك بەردەوام ئەبێ لـــە رادەکانی ژیانی لە منداڵیەوە تا ئەگاتە پیری ) زوربەی ئەو دراساتانەی چـــــاوم پێکەوتوون بایەخیـــان داوە بـــە ناســـاندنی چۆنیتی نشونماکردنی بیرکردنەوەی منداڵانو دروستبوونی باوەڕو هەستکردنی بـــەو بەڵگەیەی کە دروستبوونی باوەڕ لەسەر بنچینەی توانـــــای جیاوازکردنەوە بناغەی بیرکردنەوەی مرۆڤە ٠٠

لەو دراساتە گرنگانەی لە وڵاتە سۆشیالیستەکان لەسەر منداڵ لە لایەن پسپورەکانیانەوە کراون دراســــاتی ( د٠ ب٠ ئەلیکونین لە ئامۆژگەی زانستی دەروون لە مۆسکۆ ، لەســـــەر

نش‌ونماکردنی دەروونی لای منداڵان ئەم زانایە لە دراسەتەکەی ئەگاتە راستییەك ئەویش چارەسەرکردنی راستەقینە بۆ ئــەو گرفتانەی هــەن باشترین بەشداربوونە بــۆ دەوڵەمەندکردنی زانیاریەکانمان دەربارەی نش‌ونماکردنی منداڵان • هەروەهــا ( ت• ف• دراگونوڤا تۆژینەوەیێکی زانستیانەی لەسەر مەسەلەی ( توانای فێربوون لای منداڵان ) سازداوە •

تۆژینەوەی تواناکانی منداڵان لــە رێگای تاقیکردنەوەی درێژخایەن لــە قوتابخانە تایبەتیەکــانی تاقیکردنەوەی سەر بە ئەکادیمیەکە کرا ( لە ماوەی چوار ساڵ زیاتر ) پرۆگرامی تایبەتی بۆ زمانی زگمــاكو بیرکاریو کرداری دەستی داندرا •• پرۆگرامەکانی ئەم تاقییکردنەوەیە جیاوازیێکی زۆری لەگــەڵ پرۆگرامی تایبەتی قوتابخانە ئاساییەکان هەبوو •

هەروەها Bekhterev بکتریف لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئیشارەتی کردۆتە گرتنی رێبــــازی ( التتبعية ) چاوەدێریو بەردەوامی کردەوەی نش‌ونماکردنی منداڵ • دوای بکتریف ، تشیلوڤانوڤ Shchelovanov ی قوتابی بکتریف ( چــــلی دروستبوون ) لە ئامۆژگەی دراسەی دەماغی دامەزراند ، هەروا زاناکانی پەروەردە خەریکی دراساتو تۆژینەوەن لەسەر منداڵانی کۆرپە ، لەکاتی لە دایبك بوونیانەوە تا کاتی سێ ســـاڵانی • هەروەها زانای پەروەردە Vygotisky ڤیگوتسکی بایــەخی تەواوی بــــە دراســـەتی ( تكوين المفاهيم ) • دراستکردنی تێگەیشتنەکانو بەهاکان داوە •

له لایەکی ترەوە دراساتەکانی پرۆفیسۆری دەروون ( جان پیاجیە )ی سویسری ئاشکرای کردوە کەوا جۆری بیرکردنەوەی منداڵ جیاوازە لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەی گەورە ، دراساتەکانی ( پیاچیە ) بایەخیکی گرنگ‌و گەورەی داوە بەم مەیدانە •

لە ساڵی ١٩٣٢ دراسەتی ( الحکم الخلقی ) لەلای منداڵ‌و چۆنێتی نش‌ونماکردنی هەندێ بیروباوەڕی رەوشتی کردوە •• ( پیاجیە ) تا ئێستا زیاتر لە (٣٠) سیی کتێب‌و تۆژینەوەی هەیە کە هەمووی لەسەرر منداڵانە[٢] •

گرنگی دراسەتی نش‌ونماکردنی رەوشتی منداڵان وێنەیکی واقیمیان ئەداتە دەستەوە ، دەربارەی جۆری بیرکردنەوە لەلای منالەوە ، جگە لەوەی رێگامانیش بۆ تەخت‌و ئاسان ئەکات بۆ زانینی رەوشتی پیاوان[٣] • لە لایەکی ترەوە ئەم جۆرە دراساتانە لە بواری پەروەردەو زانست کارئەکەن • هەروەها رێ پیشاندەرێکی زانستیانەیە بۆ ئەو نووسەرانەی کە بۆ منداڵان ئەنووسن •

**بە پێی دابەشکردنی ( پیاجیە ) پێویستە ژیانی منال دابەش کەینە دوو پلەوە یان باشتر دوو قۆناغەوە قۆناغی یەکەم لە سەرەتای ساڵی چوارەمی تەمەنیەوە تا تەمەنی حەوت ساڵی • ئەم پلەیە یان ئەم قۆناغە بە قۆناغی ( التمرکز حول الذات ) ناسراوە ، مەبەست لەم زاراوەیە بایەخدان بە خودی خۆت‌و داواکانت‌و گوێ نەدان بەوانەی لە دەوروپشتن • بەتایبەتی**

( پیاجیە ) ئەم رەوشتەی داوەتە پاڵ منداڵ لە ساڵەکانی ئەوەڵی ژیانی ، لەو قۆناغە منداڵ خۆی بە مەڵبەندی جیهان ئەزانێ‌و هەمو

شتێکی جیهانی دەوروپشتی بەپێی هەستی تایبەتی خــــۆی لێك ئەداتەوە • منداڵ لەم قۆناغەدا بە جۆرێ قســــە ئەکات وەك ئەوەی خۆی مەڵبەندی بــــوون بێ ( مرکز الوجود ) توانای تێگەیشتنی رای کەسیشی نییە •• کەواتە : بیروڕای لەگــەڵ کەس ئاڵوگۆڕ ناکـــات • پلەی دووەم تا تەمەنی (١١) یانزدە ساڵانە ، کە تیایا لە ( تمرکزی ذات ) رزگاری ئەبێ و توانـــای ئەوەشی ئەبێ خۆی بخاتە شوێنی بەرامبەرو لە راو قســەکانی تێ بگا •

ئەگــەر بمانەوێ لەســەر جۆری دابەشکردنەکەی ( جــان پیاجیە ) بڕۆین ، ئەوا پێویستە رەچاوی ئەو سنوورە بکەین کە لە نێوان ئەو دوو قۆناغەی منداڵ پێیدا تێپەر ئەبێت داینـــاوە • نوسینی چیرۆك و شیعر بۆ منداڵی ســـاوا لەتەمەنی ( ٣ـ٧ ) ساڵان ئەبێ جیاوازیێکی زۆری هەبێ لەگەڵ نوسینی چیــرۆك و شیعر بۆ منداڵان لە تەمەنی ( ٧ـ١١ ) ساڵان • لە قۆناغی یەکەم منداڵ پێویستی بە مەتەڵی باووك و دایك هەیە ، لــــە ژیـانی کوردەواری لە دیهاتەکاندا نموونەی زۆرمان هەیە لەم جــۆرە مەتەڵانەی دایك یان نەنکی منداڵ پێش نوستنی شەوان بـــۆ منداڵەکانیان ئەیگێڕنەوە ، لەسەر ئەم جۆرە مەتەڵانەش کــەلێ دراسات کراوەو هەوڵیش دراوە لە ( وڵاتە ) پێشکەوتووەکان مەتەڵەکان تۆمار بکرێن بۆ پاراستنیان لە فەوتان دوورنیە کۆمەلێ مەتەڵی باشمانیش تا ئێستا نەفەوتابێ و هێشتانیش ماوەمان زۆرە بۆ پاراستنیان ئەگەر بێتو رۆشنبیرو نوسەرە دڵسۆزەکانمان لەم

رووەوە خۆیان ماندو بکەن •

قۆناغی دووەم لە تەمەنی ( ٧ـ١١ ) ساڵانە لەم قوناغـــە منالّ رووداوی دەوروپشتی بـــــە جوانی تێئەگاو ئامادەییکی تەواویشی هەیە بۆ وەرگرتنی راو قسەی خەڵکی تر ، کەواتە ئەم قۆناغە قوناغێکی ناسكو گرنگە لە ژیانی منالّو جـــۆری پەروەردەکردنو ئاراستەکردنی پێویستە بایەخی زیاتر بدرێتی • لێرەدا ئەبێ باوكو دایك یان مامۆستایان لەگەلّ چیرۆك نووسی منالاّن رۆلی خۆیان لە ئاراستەکردنیان بە شــێوەییکی راستو زانستیانەدا ببینن •

( لیلی عبدالرزاق نعمان ) لە سالی ١٩٧٤ لــە کۆلێجی پەروەردەی زانستگای بەغدا دراسەتێکی تاقیکردنەوەی بە نرخو بایەخداری کردووە لەسەر نشونماکردنی ( حوکمی رەوشــتی لەلای منداڵان ) ( نمو الحکم الخلقی عند الاطفال ) لە دراسەتەکەی دوو لایەنی ســەرەکی دراســەت کردووە ئەویش تێگەیشتنی ( راستو درۆ ) ئەم دراساتە لەسەر منالاّن لە تەمەنی ( ٥ـ١٣ ) ساڵان کراوە لەگەلّ تەئسیری سیکس ( جنس ) لە ســـــەرئەم نەشونماکردنە وە بەهەمان رێگادا رۆیشتوە کە ( پیاچیە ) پێدا رویشتوە ••

دەربارەی گرنگی قۆناغی منالی بەتایبەتی پێنج ســالەی یەکەم لە تەمەنی منــــالّ دراساتو تۆژینەوەییکی زۆر کراوە لەسەری لە لایەن زانایانی پەروەردەو دەروونەوە ، هەموو ئــەو

دراساتانه گرنگی پێنج ساڵەی یەکەمی منالی ئاشکرا کردووه که منالان پێیدا تێپەر ئەبن .

پەروەردەکردنو ئاراستەکردنی منالان بە شێوەیێکی راستو زانستیانه له پێنج سالی یەکەم توانا نیه به هیچ جۆرێ جێگای پربکرێتەوه له قۆناغەکانی داهاتوو لەتەمەنیاندا ، لەم رووەوه دکتور ( نوری جعفر ) ئەڵێ :

( له رووی زانستیو تاقیکردنەویش ئاشکرابووه کەوا منالی ساغی دواکەوتوو له رووی سایکۆلۆژیەوه لـــــه بنەرەتەوه ئەگەرێتەوه هۆی دواکەوتنی نەشونماکردنی دەماغی ، بـــــه شیوەیێکی رێکوپێك لەگەڵ دواکەوتنی له رووی رۆشنبیریەوه ، مۆخی منال له (٥) پێنج ساڵەی یەکەمی تەمەنی له هەمـــــوو قۆناغێکیتر نەرمترو به تواناتره لـــــه رووی نەشونماکردنو گونجاندن . خۆ ئەگەر بێتو لەم قۆناغه بـــــه جوانی پەروەرده نەکرێو مەڵبـــەندێکی کۆمەلایەتیو رۆشنبیری گونجـــاوی لـــه دەست بچێ ئەو کاته مەشقدانی زۆر گرانو قورس ئەبی )(٤) .

**( لميعة عبداللطيف المللل ) دراستەتێکی گرنگی پر سوودی لەسەر دروست بوونی تێگەیشتنی شوێنو پەیوەندی بە خوبرەی منالانەوه هەیه له قۆناغی خوێندنی سەرەتایی ، دراســـەتەکەی ( لەمیعه ) له کۆلیجی پەروەردەو ئەنجومەنی دراساتی بالا لــــه زانستگای بەغدا وەك نامەیێکی ماســـتەر له کانوونی دووەمی سالی ١٩٧٣ وەرگیراوه .**

له دراسەتەکەی هەوڵی ئەوەی داوه بگاته ئەوەی مندال لـــه تەمەنی چەند سالیەوه تێگەیشتنی شوێن ( مفهـــوم المكان )ی لا

درورست ئەبێ ، تێگەیشتنی راستو چەپ لەگەڵ پێشو دوا ، تێ ئەگا لەگەڵ بەراوردکردنی ئەنجامی دراسەتەکەی لەگەڵ دراسەتی ( پیاچیە ) دەربارەی هەمان تێگەیشتن کە ( پیاچیە ) لەسەر منالانی سویسرا دراسەتی لەسەر کردووە ٠

دراسەتەکەی (لەمیمە) ئەم راستیانەی لای خوارەوەی ئاشکراکردووە :

١ ـ منداڵان لە تەمەنی (٤ـ٥) ساڵان ـ لە قوتابخانەکانی بەغدا کە جێگای تاقیکردنەوەکەیە ـ لە ٢٠٪ یان راستو چەپی پێیانیان لە یەکتر جیاواز ( نەکردۆتەوە ) لە ٢٢٪ یانیش تێگەیشتنی پێشو دوایان زانیوە ٠

٢ ـ لە تەمەنی ( ٥ـ٦ ) ساڵان لە ٥٨٪ منالان وەڵامەکانیان راستبووە دەربارەی تێگەیشتنی راستو چەپو لە ٦٠٪ شیان وەڵامەکانیان راستبووە دەربارەی تێگەیشتنی پێشو دوا ٠

٣ ـ لە تەمەنی ( ٦ـ٧ ) ساڵان لە ٨٢٪ منالان وەڵامەکانیان راستبووە لەسەر ( راست چەپ ) و ٩٢٪ یانیش وەڵامەکانیان راستبووە لەسەر پێشو دوا ٠

٤ ـ لە تەمەنی ( ٧ـ١٠ ) ساڵان وەڵامەکانیان راستبووە لە ١٠٠٪ دەربارەی هەردوو تێگەیشتنی راستو چەپ لەگەڵ پێشو دوا ٠

هەروەها ( لەمیمە ) لە دراسەتەکەی گەیشتۆتە ئەو راستیەش کەوا ئەو منالانەی لە ( باخچەی منالان ) خوێندویانە پێش ئەوەی

بچنه قوتابخانەی سەرەتاییەوە تێگەیشتنی چەپو راست یان ، پێشو دوایان لە هاورێکانیان زوتر زانیوە • بوێە پیویستــــە لەسەرمان بایەخێکی تەواو بەخویندنی منالانو مەشقدانیان بدەێن لەو قوناغەی منالان ئامادەیی تەواویان هەیە لە رووی عەقـــڵو هۆشەوە بۆ فێربوون ، جێگای داخیشە ئەم لایەنە گرنگە لــــە پەروەردەکردنی منال لـــــە عێراقدا ئەو بایەخەی پێ نەدراوە بەگشتی ، ئەمەش ئەگەرێتەوە هۆی کەمی ژمـــارەی ( باخچەی منالان )و بلاو نەبوونەوەی لـــە گشتی وولاتدا ، هەروەکو لـــە پیشەکی باسەکەماندا پەنجامان بۆ ئەم لایەنە راکێشا •

لە دراسەتێکی تردا لە ژێر ناونیشانی ( بەهاکانی باو لـــە رۆژنامەگەری منالانی عێراق) (القيم السائدة فى صحافة الاطفال) ( خلف نصار الهيتى ) وەك نامـــــەیێکی ماســـتەر پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلیجی پەروەردەی زانستگای بەغدای کردوە لـــە تشرینی یەکەمی ١٩٧٧دا لە دراسەتەکەی دوو رۆژنامەی منالانی شـــــیی کردۆتەوە یەکەمیان گۆڤاری ( مجلتى ) و دووەمیان رۆژنامەی « المزمار » ئەم دوو رۆژنامەو گۆڤـــارە (١٢٠٠٠٠)

سەدو بیست هەزار ژمارەیان لێ بلاو ئەبوەوە ، لە مانگێکدا • ( خەلەف نەصار ) لە دراسەتەکەی هەولیداوە بزانێ رۆژنامـــەو گۆڤاری منالان لە عێراق تا چ رادەیێك بایەخیان داوە بە بەهاو « قیم » لەوزنجیرانەی لەو چەند سالانەی تیایا دەرئەچوون •

لە ئەنجامدا ئەگاتە ئەم راستیانەی لای خوارەوە :

١ ـ زانیاری ( المعرفة ) بەهای یەکەم بووەو (٤١٧) جار دووبارە کراوەتەوەو بەرادەی ٩ر١١٪ی بەهاکان بووە •

٢ ـ خۆشەویستی بەهای دووەم بووەو (٢٨٧) جار دووبارە کراوەتەوە بە رادەی ٢٢ر٨٪ ٠

٣ ـ ئازادی نیشتمان و ( سەربەستی ) بەهای پێنجەم بووەو (١٨٨) جار دووبارە کراوەتەوە بـــە رادەی ٢٩ر٥٪ بەهاکانی تر ٠

٤ ـ نیشتمان پەروەری بەهای یانزەیەم بووەو (١١٦) جار دووبارە کراوەتەوە بە رادەی ٣٢ر٣٪ی بەهاکانی تر بووە ٠

٥ ـ راستی ( الصدق ) بەهای بیستو پێنجەم بـــووەو (١٣٥) جار دووبارە کراوەتەوەو رادەی لە ١٪ی بەهاکـــانی تر بووە ٠

هەندێ بیروباوەڕی سەرەکی هەیە لەسەر نشونماکردنی منالأن بە پێی توانا روونی ئەکەینەوە بەتایبەتی بۆ ماموستایانی ( باخچەی منالأن )و قوتابخانەی سەرەتاییو بۆ بـــاوكو دایکی منالأن لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی بەتەنگ پەروەدەکردنی منالەوە دێن ٠

یەکەم : ئەبێ ئەوە بزانین نەشونماکردنی منداڵ پەتیـــا پەیتاو لەسەر خۆیە زیاتر لەوەی بچڕبچڕو بازدانی تیا هـــەبێ ، سەرەڕای ئەوەی نشونماکردنی منداڵ پەیتاپەیتایە بەلأم لــــە هەندی قۆناغیدا بە پەلەتر ئەڕوا لە قۆناغەکانی تری ٠ بـــۆ بەڵگە منداڵ لە سالی یەکەمی تەمەنی بەژنی بەرزتر ئەبێتەوە بە گوێرەی ساڵەکانی تری تەمەنی ٠

دووەم : زیرەکی منداڵ لە تەمەنی نۆ ساڵانو دە ساڵان بەڵگەیێکە لەسەر جۆری زیرەکی لە تەمەنی ۱۲و ۱۳ ساڵانی بە مەرجێك مەڵبەندەکەی وەك خۆی بمێنێتەوەو گۆڕانی تیا نەکرێ٠

سێیەم : منالی نموونەیی تەمەنی جۆراوجۆرە بۆ بەڵکە ئەو منداڵەی تەمەنی بە پێی ساڵ (۱۰) ساڵان بێ ، دوور نییە تەمەنی عەقلی (۱۲) ساڵان بێ ٠ یان تەمەنی کۆمەلایەتی (۸) ساڵان بێ ، بۆیە پێویستە لەکاتی پەروەروەکردنی منداڵان ئەم راستییە رەچاوبکرێ ٠

بە هەرحاڵ سەرەڕای زانایانی دەروونی قوتابخانەی فروید بایەخێکی تەواو ئەدەن بە تاقیمانەکانی قۆناغی منداڵ ، لەو باوەڕەی کە ئەو قۆناغە عامیلی سەرەکییە لە دروستکردنی کەسایەتی تاك ٠ ئەوان (٥) پێنج ساڵ یان (٦) شەش ساڵەی یەکەمی ژیان بە دروستکەری جۆری کەسایەتی تاك دائەنێن ، بەلام هیچ زانایێکی دەرونیش نیە ئینکاری گرنگی ئەم قۆناغە بکا ، ئەگەر چیی ئەو بایەخەشی نەداتێ ٠ ( گود ئیناف ) (Goodenogh) ئەڵێ نیوەی دروستکردنو بنیاتنانی عەقلی مرۆڤ لە (۳) سێ ساڵی یەکەمی ژیان دائەندرێ ٠

**ئومێدەوارین نووسەرانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی بۆ منالان ئەنووسن سوود لەم دراساتانە وەربگرن بۆ منالانی کورد**

گۆمان لەوەشدا نیە ئەو چیرۆكو شیوانەی بۆ منداڵ نووسراونەتەو ووتراوون لە بواری پەروەدەی منداڵ کەلێنی باشیان پڕکردۆتەوە ، وە بۆ ئەوەی نووسەران لەگەڵ

ئەوانەی بایەخ ئەدەن بە جۆری پەروەردەکردنی منداڵی کورد • سوود وەربگرن **کتێبی (جگەر گۆشەکان)** کە لە لایەن ( کاکـەی فەللاح )ی شاعیرەوە بە منداڵە خوشەویستەکانمان پێشکەش‌کراوە ئەم دیوانەم لەسەر هەمان ڕێبازی ( خلف النصار ) شی‌کردەوەو گەیشتمە ئەم ڕاستیانەی لای خوارەوە :

بەهاو تێگەیشتنی سەرەکی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی بـەم جۆرە دابەش کراوە :

١ ـ زانیاری : بەهای یەکەم بووەو (٢٩١) جـــار دووبارە کراوەتەوە ڕادەی زانیاری ٥٠ر٤٣٪ بەهاکان بووە •

٢ ـ ڕەوشتو ئەخلاق : بەهای دووەم بووەو (٨٠) جار دووبارە کراوەتەوەو ڕادەی لە ٩٦ر١١٪ی بەهاکان بووە •

٣ ـ کار : بەهای سێیەم بوەو (٤٦) جار دووبارە کراوەتەوەو لە ٨٧ر٦٪ ی بەهاکان بووە •

٤ ـ خۆشەویستی : بەهای چوارەم بومو (٤٥) جـــار دووبارە کراوەتەوەو ٧٣ر٦٪ ی بەهاکان بووە •

٥ ـ جـــوانی بەهـــای شەشەم بووەو ( ٤٣ ) جـار دووبارە کراوەتەوەو ٤٣ر٦٪ی بەهاکان بووە •

٦ ـ نیشتمانەپەروەری : بەهای شەشەم بووەو (٣٩) جـــار دووبارە کراوەتەوەو ٨٣ر٥٪ی بەهاکان بووە •

٧ ـ هاریکاری : بەهای حەوتەم بووەو (٣٨) جار دووبـــارە کراوەتەوەو ٦٨ر٥٪ ی بەهاکان بووە •

گشتی بەهاکانو تێگەیشتنەکان لە دیوانەکە (٦٦٩) بەهاو تێگەیشتنە • گشتی رادەکانی ئەم حەوت بەهایەی سەرەوە ٨٧٪ی گشتی بەهاکانی ناو دیوانەکەیە •

ئەو بەهانەی کە رادەکانیان زۆر نزمبوون لـــە دیوانەکە ئەمانەن ( درۆو راستی لەگەڵ شەڕو تەندروستیو نەتەوایەتی ) ئەم بەهایانە کۆی رادەیان ٨١ر٨٪ گشتی بەهاکانە ، بـــۆیە خستیانمانە پشت گوێ •

ئەگەر بێتو ناوەرۆکی دیوانـــەکەی ( کاکەی فەللاح ) بەراورد بـکەینەوە لەگـەڵ ناوەرۆکی گـــۆڤاری (مجلتی) و (المزمار) بۆمان دەرئەکەوێ کاکەی فەللاح بایەخی زیاتر داوە بە ( زانیاری ) لە ناوەرۆکەکانی ( مجلتی ) و ( المزمار ) بـــەڵام دەربارەی خوشەویستی کە رادەی لای ( کاکەی فەللاح ) ٧٢ر٦٪ لای ( خلف النصار ) لە ٢٢ر٨٪ دیارە ناوەرۆکی هەردوو گۆڤارو رۆژنامەکە بایەخیان بە خۆشەویستی زیاتر داوە لە ( جـــگەر گۆشەکان ) : دەربارەی نیشتمان پەروەری ( کاکەی فەللاح ) زیاتر بایەخی داوە پێیو بەهای شەشەمە لە دیوانەکەیو رادەی ٨٣ر٥٪ سە • بەڵام لای ( خەڵەف ) بەهای پانزەیەمو رادەی ٣٢ر٣٪ سە • بە پێی ئەم شیی‌کردنەوەیە ئەتـــوانین بلێین بەهاکانو تێگەیشتنەکانی سەرەکی لە دیوانی ( جگەر گۆشەکان ئەمانەی لای خوارەوەن ) :•

( زانیـــاری ، رەوشتو ئەخلاق ، کار ، خۆشەویستی ، جوانی ، نیشتمانپەروەری ، هاریکاری ) •

منداڵی کورد لـــــــه خوێندنەوەو لەبەرکردنی شیعرەکانی کاکەی فەللاح کۆمەڵی رەوشتو بەهاو جۆری تێگەیشتن فێـــــر ئەبێو رەوشتی پێ ئەکات ، بەڵام پێویستی بە خوێندنەوەی شیعرو چیرۆکی جۆراو جۆری شاعیرانو نووسەرانی تر هەیە بۆ ئەوەی ئەوبەهاو تێگەیشتانەی لـه دیوانەکەی کاکەی فەللاحدا نیە لـه دیوانەکانی تری شاعیرەکانو نووسەرەکان چاوی پێ بـکەوی ، هەر بۆیە کۆمەڵە چیرۆکو شیعرەکانی شاعیری لاوی کـــــورد ( **لەتیف هەڵمەت** ) لە ژێر ناونیشانی ( **جوانتری دێ** ) (**چیروکو هونراوە بۆ منداڵان** ) ناوەرۆکی شـــــیعرەکانو چیرۆکەکانمان شیکردەوە لەسەر هەمـــــــان رێبازی شییکردنەوەی ناوەرۆکی نامەکەی ( خلف النصار ) کە لەسەری رۆیشتووە بۆ ئەوەی ئەم شیعرو چیرۆکانەش بەراورد بکەینەوە لەگەڵ کۆمەڵە شیعرەکانی ( کاکەی فەللاح )و بزانین نیزیکیو جیاوازی لـــــــه نیوانیاندا چییەو چۆنە ؟

کۆمەڵە شیعرەکانی کاك ( لەتیف هەڵمەت ) بریتییە لـه (١٧) پارچە شیعرو چیرۆکەکانیش (٨) هەشت چیرۆکی کورتە گشتی بەهاو تێگەیشتنەکانی شیعرو چیرۆکەکان (٤٥٦) بەهاو تێگەیشتنەو بەم جۆرە دابەشکراوە :

١ ـ زانیاری : بەهای یەکەم بووەو (١٥٦) جـــار دووبـــارە کراوەتەوە بە رادەی ٢١ر٣٤٪ ی گشتی بەهاکان ٠

٢ ـ رەوشت : بەهای دووەم بووەو (٧٩) جـــــار دووبارە کراوەتەوە بە رادەی ٣٢ر١٧٪ ی گشتی بەهاکان ٠

٣ ـ كار : بەهای سێیەم بووەو (٤٥) جار دووبارە کراوەتەوە بە رادەی ٨٩ر٧٪ ی گشتی بەهاکان ·

٤ ـ جوانی : بەهای چوارەم بووەو (٣٦) جـــار دووبـــارە کراوەتەوە بە رادەی ٨٩ر٧٪ ی گشتی بەهاکان ·

٥ ـ نیشتمان پەروەری : بەهای پێنجەم بووەو (٣٤) جـــار دووبارە کراوەتەوەو بەرادەی ٤٥ر٧٪ی گشتی بەهاکان ·

٦ ـ خۆشەویستی : بەهای شەشەم بووەو (٢٧) جـــار دووبارە کراوەتەوەو بەرادەی ٩٢ر٥٪ ی گشتی بەهاکان ·

٧ ـ ماریکاری : بەهای حەوتەم بووەو (٢٢) جار دووبـــارە کراوەتەوەو بەرادەی ٨٢ر٤٪ ی گشتی بەهاکان ·

ئەم حەوت بەهایەی سەرەوە بەهاو تێگەیشتنی سەرەکی‌یە لە کۆمەڵە شیعرو چیرۆکەکانی ( هەڵمەت ) کە (٣٩٩) جار دووبارە کراونەتەوە ، ئەم حەوت بەهایە ٥ر٨٧٪ ی گشتی بەهاکانە · ( یاری‌و ئاشتی‌و نەتەوایەتی‌و شەڕو تەندروستی‌و هوشـــیاری سیاسی ) (٤٣) جار دووبارە کراونەتەوە لە ٤ر٩٪ ی گشـــتی بەهاکانن · ئـــەو بەهایانەی دووبارەکردنیان لە (٢) جـــار کەمتربوون خستمانە لاوە ·

ئەگەر بێت‌و ناوەرۆکی شـــیعرو چیروکەکانی ( لەتیف هەڵمەت ) بەراورد بکەینەوە لەگەڵ ناوەرۆکی کۆمەڵە شیعرەکانی ( کاکەی فەللاح ) بۆمان دەر ئەکەوێت :

بەهای زانیاری لای هەردووکیان بەهای یەکەمە ، هەروەها بەهای رەوشتیش بەهـــای دووەمـــە لای ( هەڵمەت‌و فەللاح ) ·

هەروەها بەهای ( کاریش ) بەهای سێیەمە لای هەردووکیان ·

بەهای چوارەم لای ( کاکەی فەللاح ) خۆشەویستی‌یەو لای ( لەتیف هەڵمەت ) جوانی‌یە · بەهـــای پێنجەم لای ( لەتیف هەڵمەت ) نیشتمان پەروەرییەو لای ( کاکەی فەللاح ) شەشەمە بەرامبەر بە خۆشەویستی لای ( لەتیف هەڵمەت ) · بەهـــای حەوتەم لای هەردووکیان بەهای هاریکاری‌یە ·

لێرەدا بۆمان روون ئەبێتەوە کەوا هەردوو شاعیر بایەخیان وەك یەك داوە بەحەوت بەهای سەرەکی لە دیوانەکانیان ، لەگەڵ هەندێ جیاوازی لە رادەی بەهاکان لە هەردوو دیوانەکەدا بـۆ نموونە لە دیوانی ( جوانترین دێ ) بەهـــای نیشتمان پەروەری بەهـــای پێنجەمەو رادەی لە ٤٥ر٧٪ ی کشـــتی بەهاکانی دیوانەکەیە ، بەڵام لە دیوانی ( جگەر گۆشەکان ) بەهای شەشەمەو رادەشی لە ٨٣ر٥٪ ی گشتی بەهاکانی دیوانەکەیە ·

لیرەدا ئاشکرایە بەهای نیشتمانپەروەری لە ( جوانترین دێ ) بایەخی زیاتر پێدراوە وەك لە ( جگەر گۆشەکان ) بەڵام بەهای ( خۆشەویستی ) رادەی لە ٧٣ر٦٪ ی گشتی بەهاکانی ( جگەر گۆشەکانە )و بەهای چوارەمە لە دیوانەکەدا · لــــە ( جوانترین دێ ) بەهای شەشەمە · ئەمەش ئەوە روون ئەکاتەوە کەوا لە دیوانی ( جگەر گۆشەکان ) زیاتر بایەخ دراوە بـــە ( خوشەویستی ) وەك لە ( جوانترین دێ ) ·

ئومێدەوارین نووسەرو شاعیرەکانمان کە بـــۆ منداڵان

ئەنووسن یان شیعر بۆ منداڵان ئەڵێن رەچاوی ئەو بەهایانە بکەن کە منداڵانی کورد لەم قۆناغەدا پێویستیان پێی هەیە ، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە خۆیان بە خوێندنەوەی زانستی دەروونی منداڵو چۆنیتی پەروەردەکردنی ماندوبکەن •

دراسەتکردنی منداڵو قۆناغەکانی کە پێیدا تێپە ئەبێ بەردی بناغەیە بۆ نووسەرانو شاعیرانو رۆشنبیران بۆ ئەوەی بتوانن بۆ منداڵ بنووسن ، چیرۆك نووسی کورد کە بیەوی بۆ منداڵبنووسێ پێویستە پێشەکی توانای تێگەیشتنی منداڵەکە بزانێ ، ئەگەر بێتو لەسەر رێبازی ( پیاجیە ) بروێن ئەوا چیرۆك نووسەکە رادەی تێگەیشتنی منداڵان ئەکاتە دووبەشەوە :

بەشی‌یەکەم : لە کۆتایی ساڵی سێیەمەوە لە تەمەنی منداڵان دەستی پێ‌ئەکا تا تەمەنی حەوت ساڵان ئەم قۆناغەش بە قۆناغی ( التمرکز حول الذات ) ناسراوە کە لە پێشەکی ئەم کتێبە باسمانکرد •

بەشی دووەم : ئەگاتە یانزە ساڵانو لەم قۆناغە لە ( التمرکز حول الذات ) رزگاری ئەبێ •

**جیزیل A. Gesell قۆناغی منداڵانی کردۆتە سێ‌بەشەوە :**

یەکەم : تا پێنج ساڵانە •

دووەم : تا حەوت ساڵان •

سێیەم : تا (١٠) ساڵان •

جگە لەم دابەشکردنانە دابەشکردنی تری زۆر هەیە ••

وەك دابەشكردنی H. Wallon ڤالون • قۆناغی دوایی ڤالون بایەخدانی منداڵە بە ( هوایات ) • ئەمانەو زۆری تر نووسەرانو چیرۆكنووسان و شاعیرەكانمان ئەتوانن سوودیان لێ وەربگرنو رێبازی پەروەردەیی زانستیانە بگرنە بـــــەر بۆ پێگەیاندنی منداڵانی نەتەوەكەمان شان بەشانی منداڵانی هەموو نەتەوەكانی جیهان •

# ســەرچاوەکان


١ ـ فؤاد البهى السيد ـ الاسس النفسية للنمو من الطفولة الى الشيخوخة ط ٢ ، القاهرة دار الفكر العربي ، ١٩٦٨ ، ص ١٨ ٠

٢ ـ Furth, Hans G. Piaget for teachers Engle Cliffs, N. J., Prentice-Hall, 1970.

٣ ـ جان پياجيه ـ الحكم الخلقي عند الاطفال ٠ ترجمة محمد خيري حربي ـ القاهرة ، مكتبة مصر ١٩٥٤ ٠

٤ ـ د٠ نوري جعفر ـ الذكاء والقدرات العقلية الخاصة ـ مجلة آفاق عربية ، العدد (٦) السنة الرابعة ، شباط ١٩٧٩ ٠

٥ ـ العراق ـ مديرية التخطيط التربوي العام ـ قسم الاحصاء ، ١٩٧٨ـ١٩٧٩ ٠ رياض الاطفال للعام الدراسي ١٩٧٨ـ ١٩٧٩ العدد ٣٧ كانون الثاني ١٩٧٩ ٠

٧ ـ لەتيف هەڵمەت ٠ چيروكو هونراوە بۆ منالآن ٠ چاپخانەى (الحوادث) ١٩٧٩ ( جوانترين دێ ) ٠

٨ ـ خلف نصار محيسن الهيتي ، القيم السائدة في صحافة الاطفال العراقية ـ رسالة ماجستير ـ كلية التربية ـ جامعة بغداد ، ١٩٧٧ ٠

(9) Allport, Gordon W. Personality: A Psychological Interpretation. London, Constable, 1949.

١٠ـ عبدالله عبدالدائم ٠ الثورة التكنولوجية في التربية ، بيروت دار العلم للملايين ١٩٧٤ ٠

١١ـ ليلى عبدالرزاق نعمان ـ نحو الحكم الخلقي عند الاطفال ـ رسالة ماجستير ، كلية التربية ١٩٧٤ ٠

(12) DuaneSchultz. Theories of Personality, Brooks/ Cole Publishing Company Monterey, California.

(13) The Europe Year-book 1978 — A World Survey. Volume 1.

١٤ــ العراق ــ وزارة التخطيط • خطة التنمية القومية للسنوات ١٩٧٦ــ١٩٧٨ •
١٥ــ عبدالستار طاهر شريف • المجتمع الكردي • دراسة اجتماعية ثقافية سياسية • شمس كردستان العدد ٣٤ كانون الاول ١٩٧٥ •
١٦ــ اضواء على جمهورية المانيا الديمقراطية ( مجموعة من المؤلفين ) دار النشر ( فرلاج شايت ام بيلد ) طـ٢ منقحة ص ١٥٤ •
١٧ــ فيليب هـ • فينكس • فلسفة التربية • ترجمة د• محمد لبيب النجيمى • دار النهضة العربية ــ القاهرة ١٩٦٥ ، ص ٧٤٣ •
١٨ــ جان جاك روسو • آميل ص١٠٧ •
١٩ــ الدكتور فاخر عاقل • علم النفس التربوي • دار العلم للملايين ــ بيروت ط ٤ شباط ١٩٧٨ •
٢٠ــ دكتور عزالدين مصطفى رسول • احمدى خانى • ١٦٥٠ــ ١٧٠٧ • ( شاعرا ومفكرا ) فيلسوفا ومتصوفا • ١٩٧٩ ، كلية الاداب ، جامعة بغداد • مطبعة الحوادث ــ بغداد ١٩٧٩ •
٢١ــ الدكتور موفق الحمداني • دراسات في علم النفس في الاقطار الاشتراكية • وزارة الاعلام ، سلسلة الكتب الحديثة (٣٧) ، دار الحرية للطباعة ١٩٧١ •

(22) Herbert J. Klausmeier. Patricia S. Allen, Cognitive Development of Children and Youth. A Longitudinal Study. London 1978.

٥٠٠٠ نسخەی لێ چاپکراوە

لە کتێبخانەی نیشتمانی بەغدادا
ژمارە (٨٢٤) ساڵی ١٩٨٠ی دراوەتێ

(هناء) نەخشی بەرگەکەی کێشاوە